
**کێ (سەددام) بەرەوڕووی عەالەت ئەکاتەوە! کامە عەدالەت! .... حەمة غەفور**



حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراق (پۆل پریمەر) ، ڕۆژی یەکشەممە دەستگیرکردنی هارترین دیکتاتۆر و ڕەمزی بێ ڕەحمی و بەربەریەتی ڕژێمی سەرمایەداری، (سەددام حسین) ی ڕاگەیاند. لە گۆشەنیگای ئینسانیەت و ئازادیخوازی و عەدالەتەوە، بەدرێژایی مێژووی 35ساڵ دەسەڵاتی ئەم خوێنڕێژە دژی ئینسانیە، و تەنانەت دوای هەرەسهێنانی ڕژێمی بەعس، هەواڵێکی بەمجۆرە بۆ تەواوی خەڵکی جیهان جێگای خۆشحاڵیەکی بێ وێنەیە. لە هەمان کاتدا هەراوزەنای بەرفراوانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ ڕووبەڕووکردنەوەی سەددام لەگەڵ عەدالەتدا جێگای تێ ڕامان و لێوودبوونەوەیە.

دوو ڕۆژە تەواوی دەزگا تەبلیغاتیە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕۆژئاوا و جیهان بە چڕوپڕی خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەفلام و بەڵگەنامەی جەریمە و تاوانەکانی ئەم ڕەمزی نەتەوەپەرستی و فاشیزمە عەرەبیەن، ئەم نوێنەری خوای سەرمایەن، و پێ ڕاناگەن! بە ڕاستی ئەگەر مەبەست بێت سەرجەمی تاوان و جەریمەکانی نیشانی بەشەریەت بدرێت، ئاخو چەند ڕۆژ و هەفتە و مانگ پێویستبن!بێگومان ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئامانجی دیاریکراو و تایبەتیان لەم کارە هەیە. چونکە هەموو ئەو جەریمانەی کە سەددام و ڕژێمەکەی لەم 35 ساڵەدا ئەنجامیان داون، ئەم بەرە کۆنەپەرستە بۆرژوازیە نەک هەر بە تەواوی لێیان ئاگادار بوون، بەڵکو ڕاستەوخۆ شەریکە جورم و تاوانی ئەم دیکتاتۆرە تەعلیم دراوەی خۆیانن، و لەپێناوی ئامانج و ئیستراتیژەکانی خۆیانداتەنانەت نەخشەداڕێژیش خۆیان بوون بۆ سیاسەتەکانی. هەر بەم هۆیەشەوەیە کە خەریکن باس لە ئیعدام کردنی (سەددام) ئەکەن. ئەم دیکتاتۆر و دڕندە بەشەریە دەستساز و پەروەردەی سیستەمی خۆیان بووە، و ئەیانەوێت بە خێرایی لەبەر چاوی خەڵک لای بەرن. یا هەر خێرا بۆ لە قاڵبدانی ڕای گشتی ئەوە نیشان ئەدەن کە (سەددام) هاوکاری لێکۆڵینەوە ناکات. ئەم شتانە بەڵگەی ئەوەن کە ڕۆژئاوا لە دادگایی کردنی ئاشکرای (سەددام) ئەترسێت.

بۆرژوازی و سیستمی دەسەڵاتداری سەرمایە پێشتر زەمینەسازیان کردوە بۆ شێواز و چۆنیەتی دادگایی کردنی دیکتاتۆرە دەستکردەکانی خۆیان. (پینۆشی، میلۆسۆڤیچ، شای ئێران. . . . تاد) یان چۆن بەرەوڕووی عەدالەت کردەوە، هەرئەمەندەش سەددام. جیاوازی کات و شوێنی هاتنەئارا و لابردنی ئەم دیکتاتۆر و خوێنڕێژانە، تەنها فاکتەرێکە کە ڕێگە بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئەدات ئەم شایی و لۆغانەبۆ دەستگیرکردنی سەددام بەڕێ بخەن. ئێستا سەردەمی جەنگی سارد نیە، و هێزهاوسەنگیەکانیش گۆڕانی ڕیشەییان بەسەردا هاتووە. لە کاتێکدا سەددام دەسگیر کراوە کە دوای زیاتر لە 8 هەشت مانگ بەسەر لەسەرکار لابردنی ڕژێمەکەیدا، ئەمریکا پرۆسەی شکستێکی سیاسی و ئیستراتیژی تێ ئەپەڕێنێت و (ڕژێم چنج) بە عەمەلی بنبەستی کردووە. وە ڕۆژبەرۆژ ئیعتبار و جێگاوڕێگای ئەمریکا لەئاستی دنیادا ئەچێتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە ئەبێت مەسەلەی دەستگیرکردنی سەددام تا ئاستی شکستە سیاسیەکەی گەورە بکات، لانی کەم بۆ تێپەڕاندنی ئەو چەند مانگە تا هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئەگاتێ. لەپاڵ ئەمانەشدا بەلکو پاڵێکیش بێت بۆ مەجلیسی حوکم ڕووەو پێش.

هەر ئینسانێکی شەریف و ئازادیخواز کە گوێی لە بانگەوازی (ڕووبەڕووکردنەوەی سەددام لەگەڵ عەدالەت) دا ئەبێت، بێشک ئەم پرسیارە لەبەردەمیدا قوت ئەبێتەوە، کە ئایا کێن ئەو کەسانەی کە سەددام دادگایی ئەکەن؟ یا چی گۆڕانکاریەک خۆبەخۆ یا سەربەخۆ لە پراتیک و دەخالەتی خەڵکی ئازادیخواز پێشهاتووە، وا بۆش هێندە بە ڕووقایمی بانگەواز ئەکات کە سەددام دەداتە عەدالەت؟ بەڕاستی ئەو عەدالەتەی بۆش باسی ئەکات کامەیە و لەکوێدایە؟ ئەی ئەوسا کە بەبەرچاوی جەنابیانەوە، تەنانەت بە

پشتیوانی خۆیان هەموو ئەو جەریمە و تاوانانەی ئەنجام ئەدا لە بەرامبەر خەڵکی عێراقدا، ئەم عەدالەتە بۆچی نووزەی لەدەم دەرنەهات!

خەلکی دنیا، لە پێشیانەوە ئازادیخوازان باش ئەزانن و ئێوەش باش ئەناسن، لەگەڵ عەدالەتەکەشتان. ئەزانن کە ئەو عەدالەتەی ئێوە لەژێر ناوی عەدالەتدا، بەدرێژایی مێژوو پارێزەر و مودافیعی بەرژەوەندی چینە داراکان و کۆمپانیاو بانکە جیهانیەکان بوون و، ئێستاش هەر ئەو کارە ئەکەن.

خەڵکی جیهان و عێراقیش بەدڵنیاییەوە خوازیاری تەسلیم کردنی سەددامن بە عەدالەت. لە هەمان کاتدا خوازیاری دادگایی کردنی سەددامن لە دادگایەکی ئاشکرادا. هەتا پەروەندەی سەددام نەک هەر وەکو دیکتاتۆرێکی سەسەختی خەلکی عێراق، بەڵکو وەکو پرۆژەیەکی سەرتاپای تاوانی دنیای سەرمایە و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی ئیمپیالیزم لە عێراق و ناوچەدالێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت و بخرێتە ڕوو. هەموو ئەو دەوڵەت و لایەن و هێز و شەخسیەتە سیاسیانەی کە بە هەرجۆرێک سەریان لەگەڵ سەددام دا گرێدراوبووە، و بەرژەوەندیان لە جەریمە و تاوانەکانی سەددام و ڕژێمەکەیدا هەبووە، دەبێت بدرێنە دادگای ئاشکرای خەڵکی و بە سزای تاوانەکانیان بگەیەنرێن. بەڵام تا کاتێک کە عەدالەتی ئینسانی و ڕاستەوخۆی خەڵک بەرقەرار نەبووە، و ئومێدی ملیۆنەها ئینسانی سەر ڕووی زەوی بەتوندی بەسراوە بە بەرقەرارکردنی سۆشیالیزمەوە، وەکو چۆن لە خۆپیشاندانەکانی 15 ی شوباتی ئەمساڵدا لەدژی شەڕی ئەمریکا هێزی خۆی نیشانی دنیا دا، ڕۆژێک دادێت کە عەدالەتی واقعی خەڵکی ئازادیخوازی دنیا تەواوی سەرانی دەوڵەتانی بۆرژوازی و کۆنەپەرستی جیهان وخوڵقێنەرانی تاوانکاری لە دژی ئینسانیەت، لە دادگای ئاشکرادا بە سزای تاوانەکانیان ئەگەیەنن. پرۆسەی ڕوو لە شکستی تەواوی ئەزمی نوێی جیهان دەستگیرکردنی سەددام ڕای ناگرێت. وە لە بنەڕەتدا بە بڕوای من هەوڵی چڕوپڕی هێزەکانی ئەمریکا بۆ دەستگیرکردنی سەددام تێکۆشانێکی بێ ئاکامە لە ڕاستای بەرگرتن بە شکستی سیاسەتی ڕژێم چنجی بۆشدا. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، و تەنانەت لایەنە بەشدارەکانی ناو مەجلیسی حوکم لە ڕوانگەی خەڵکی کرێکار و ئازادیخوازی عێراقەوە، هەمان دەور ئەبینن کە سەددام و ڕژێمەکەی بینیان، وە یا لە نەفسی قوماشن.

15، 12، 2003

mgafor@yahoo. com